دوو باخ کەرەستەی خواردن وئەوەی تێیاندایە لە زیون، ودوو باخ کەرەستەی خواردن وئەوەی تێیاندایە لە ئاڵتونن، هیچ شتێک ڕێگر نییە لەوەی خەڵکی پەروەردگاریان ببینن جگە لە پەردەی مەزنی وشکۆداری نەبێت کە لە پێش ڕوویدایە لە بەهەشتی عەدندا

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دوو باخ کەرەستەی خواردن وئەوەی تێیاندایە لە زیون، ودوو باخ کەرەستەی خواردن وئەوەی تێیاندایە لە ئاڵتونن، هیچ شتێک ڕێگر نییە لەوەی خەڵکی پەروەردگاریان ببینن جگە لە پەردەی مەزنی وشکۆداری نەبێت کە لە پێش ڕوویدایە لە بەهەشتی عەدندا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر جیاوازی پلەوپایەکانی نێو بەهەشت، هەندێکیان بەرزترن لە ئەوانی تر لە ڕوانگەی واتایی وهەستپێکراوەوە، کۆشکەکانی وئەو شتومەکانەی بۆ خواردن وخواردنەوە بەکاردێن لە ئاڵتون دروستکراون، وکۆشکەکانی تر لە زیو دروستکراون وئەو شتومەکانی بۆ خواردن وخواردنەوە بەکاردێن لە زیو دروستکراون، هەروەکو زانراوە ئاڵتون بەنرخترین وجوانترینی نێو کانزاکانە لە لای ئەوانەی قورئان لە سەردەمیاندا دابەزی بوو، ولەوەیە لە ئاڵتون بەنرختر وبەرزتری تێدا بێت؛ چونکە لە فەرموودەدا هاتووە: ئەو شتانەی تێدایە کە چاوەکان هەرگیز نەیبینووە وگوێیەکان نەیبیستووە و بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێک نەهاتووە، لە هەندێک گێڕانەوەکانی ئەم فەرموودەیەدا ئەم بەشە هاتووە: (جِنان الفردوس أربع، ثنتان من ذهب) واتە: (باخەکانی فیردەوس چوارن؛ دووانیان لە ئاڵتونن). وکاتێک دەفەرموێت: (هیچ شتێک ڕێگر نییە لەوەی خەڵکی پەروەردگاریان ببینن جگە لە پەردەی مەزنی وشکۆداری نەبێت کە لە پێش ڕوویدایە لە بەهەشتی عەدندا): ئەمەیش بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ نزیکبوونیان لە بینینی خوای گەورە، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت زیاتر ڕێزیان لێبگرێت ئەوا پەردەی شکۆداری لەسەر ڕووی لادەبات وئەوانیش سەیری دەکەن، وئەهلی سونەت جەختدەکەنەوە لەسەر ئەوەی خوای گەورە پەردەی شکۆداری هەیە، وئیمانداران لە بەهەشتدا پەروەردگاریان دەبینن، بە بێ لێکدانەوەی چۆنێتی وبە بێ لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ چواندن وبە بێ پەکخستنی واتا ڕاستەقینەکە، هەروەها ئەهلی سونەت جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە وجێگیری دەکەن کە خوای گەورە ڕووی هەیە شایستەی مەزنی وشکۆداری خۆیەتی، ونابێت هیچ یەکێک لەمانە بە مانایەکی تر لێکبدرێتەوە ولە واتا ئاشکراکەی لابدرێت، چونکە ئەمە مەزهەب وبیروباوەڕی پێشینی چاکە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8316